

# پیاوان بۆ فرەژنی بە دوای پاساوی جۆراوجۆردا دەگەڕێن


بەشێک لە پیاوانی بازرگان و شوفێرە ترانزیتییەکان کە بەردەوام سەفەری دوورو درێژیان بۆ وڵاتانی دیکە هەیە، کارەکەیان بۆ هۆکارێک بۆ فرەژنی دەزانن و ئەوەش زۆر جار کێشەی خێزانی لێکەوتووەتەوە، مامۆستایەکی ئایینیش جەخت لەوە دەکاتەوە کە «زەواجی کاتیی حەرامەو تەنیا مسیار ڕێپێدراوە، بەڵام ئەویش کێشەی کۆمەڵایەتی لێ دەکەوێتەوە».

■ گوڵان: کۆمەڵایەتی

«خۆم کاری بازرگانی دەکەم و بەردەوام سەردانی وڵاتی چین دەکەم، هەندێ جار کارەکەم وایە ماوەی مانگێك ناگەڕێمەوە، ناکرێ هاوسەرەکەشم لەگەڵ خۆم بەرم، لەو سەفەرانەشدا تەنیایی زۆر ئازاری دەدام، لە ژیانیشمدا شوکر بۆ خوا کاری حەرامم نەکردووە، بۆیە ناچار بووم هاوسەرگیری بکەم لەگەڵ ئافرەتێکی چینی کە موسڵمان بووە، ئەو ئێستا هاوسەری دووەممە، هەردوولا ڕێککەوتین زەواجی مسیار بکەین و منداڵیشمان نەبێ، هاوسەرەکەشم ئاگادارە، دوای ئەوەی جۆری هاوسەرگیرییەکەم بۆ باسکرد، لای ئاسایی بوو، بەو مەرجەی منداڵمان نەبێ».

ئەوە دەستپێکی قسەکانی بەکر خۆشناوی تەمەن (٣٤) ساڵ بوو. وەك خۆی باسیکرد لە وڵاتی چین هەندێ گەڕەکی موسڵمان نشین هەیە، کە ناتوانن کچەکانیان بەخێو بکەن، بۆیە زۆربەیان بە شێوەی کاتی، یان هاوسەرگیری مسیار شوو بە پیاوانی بازرگان و موسڵمانی دەوڵەمەند دەکەن، تەنیا بەوەی پێداویستی ژیانیان دابین بکەن. بەکر دەڵێت «زۆربەی بازرگانەکانی و وڵاتانی ئیسلامی ئەو جۆرە هاوسەرگیرییە دەکەن بۆ ئەوەی تووشی گوناه و زینا نەبن».

سۆران باییز تەمەن ٢٦ ساڵەو خوێندەڤانی دواقۆناغی زانکۆیە لە بەشی یاسا و هەرلەو بارەیەوە دەڵێت: «ئارەزووی سێکسی لەلای زۆربەی مرۆڤەکان بەهێزە، بۆیە لە هەندێ کاتدا ناتوانن کۆنترۆڵی بکەن، بەتایبەتی کەسی هاوسەردار، بەڵام بۆ کوڕێك کارێکی ئاساییە، من هاوسەرگیرم نەکردووە، بەڵام لەو شارەی تێیدا قوتابیم، زەواجی کاتی هەیە، مەلا هەیە پێیدەڵێن (وەسیت ئەلخیر) وێنەو ناوی هەزاران ئافرەتی لایە بەژمارەی مۆبایلەوە، دوای ئەوەی یەکێك لەلای مەلاکە هەڵدەبژێری، دواتر بانگی دەکات و لەگەڵ یەکتر دادەنیشن، گفتوگۆ دەکەن و ڕێکدەکەون لەسەر پارەکەو کاتەکەی، لە ڕۆژێك هەیە تا پێنج ساڵ، ماڵ، یان هۆتێلی بۆ دەگری، هەیە خۆی جێگەی هەیە و خەرجیشی کەمترە، زۆربەشیان ناهێڵن منداڵیان ببێت. خۆم جارێك زەواجی کاتیم کرد، لەبەرامبەر پەنجا هەزار دینار بۆ یەك ڕۆژ، مەلاکە فۆرمێك پڕدەکاتەوە، هەردوولا ئیمزای لەسەر دەکەن، دووشاهید ئامادەدەبن و لەیەکتر مارەبڕ دەکرێن، خاوەن هۆتێل ئەو فۆڕمی زەواجی کاتییەی نیشان نەدەی، ڕێگە نادا لە هۆتێلەکەی بخەون، دوای تەواوبوونی ماوەکەش، ژنەکە دەڵێ دوعای خێرم بۆ بکەو بە هیچ شێوەیەك بە کرداری سێکس ڕازی نابێت، دەڵێ زینایە، بەڵام دوای تەواوبوونی گرێبەستەکە دەتوانن نوێی بکەنەوە». گوتیشی: «زۆرێك لەپیاوانی بازرگان و قوتابی زۆربەیان هاوسەردارن، کە بۆ ماوەیەکی زۆر لەو شارە دەمێننەوەو ئەو جۆرە هاوسەرگیرییە دەکەن، زۆربەی ئافرەتەکان خەڵکی شارەکانی خوارووی عێراقن، پیاوەکانیان کوژراون.»



■ بازرگانێک:

**لەو سەفەرانەدا تەنیایی زۆر ئازاری دەدام، ناچار بووم بۆ ئەوەی تووشی گوناە نەبم هاوسەرگیری مسیار بکەم**

ڕەوەند سلێمان تەمەنی (٤٠)ساڵەو وەك خۆی باسیکرد دوای ماوەی ساڵێك لە هاوسەرگیرییەکەی بەقاچاخ چووەتە ئەورووپا، لەوێش تووشی کۆمەڵێك کێشە بووە. «لە ئەڵمانیا هەستم کرد ناتوانم خۆم کۆنتۆڵ بکەم، دوای ماوەیەکی کورت لەگەڵ کچێکی ئەڵمانی پێوەندیم بەست، پێم نەگوت هاوسەرم هەیە، لەگەڵ یەکتر دەخەوتین، یەکترمان زۆر خۆش دەویست، بەدزییەوە پێوەندیم لەگەڵ هاوسەرەکەم هەبوو، هەمیشە دەیگوت کەی رامدەکێشی؟ منیش دەمگوت جارێ زۆری ماوە. دواتر ئەو کارە بەردەوام بوو. ڕۆژێك هاوسەرەکەم تەلەفۆنی بۆکردم، منیش خەریکی کارێکی ناوماڵ بووم، دەستبەجێ هاوڕێیەکەم هەڵی گرت، ناوی منی هێنا، کچە ئەڵمانییەکە تووڕە بوو، گوتی: ئەوە کێیە، هاوسەرتە؟ منیش درۆم لەگەڵ کردو گوتم: ئەوە خوشکمە، ئەنجا گومانی نەما، دواتر هەستم کرد، خەریکە خۆشەویستی هاوسەرەکەم لەدەست دەدەم، گوتم واباشترە تاوەکو کێشەم بۆ دروست نەبووە، بگەڕێمەوە، دوای گەڕانەوەم بە هاوسەرەکەم گوت پێوەندیم لەگەڵ ئەو کچە ئەڵمانییە هەبووە، داوای لێبوردنم کرد و هاوسەرەکەشم گوتی: مادام درۆم لەگەڵ ناکەی، ئەمجارە لێت دەبوورم».

■ خوێندەڤانێک:

**لە هەندێک لە شارەکان هاوسەرگیریی کاتیی و تەنانەت یەک ڕۆژش هەیە**

زاهیر ئەحمەد خۆرانی مامۆستا لە زانکۆی زانستە ئیسلامییەکان، سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «پێوەندی نێوان ژن وپیاو لەئیسلام زۆر بەهێزو پاکەو پێوەندی کۆمەڵاتی بەهێز دەکات، هەندێ کەس بەهۆی خوێندن، یان پیشەکەیەوە بۆماوەیەك لە ماڵی خۆیان دوور دەکەونەوە، ئیسلام چارەسەری داناوە بۆ ئەوەی تووشی زینا نەبن، بۆ خۆکۆنترۆڵکردن دەبێت بەڕۆژووبن، یان ژنێکی تر لەو وڵاتە بهێنن، ئەگەر سەفەرەکە لەمانگێك زیاتر بوو، دەبێ هاوسەرەکەشی لەگەڵ خۆی بەرێ، چونکە لەسەردەمی پێغەمبەر ئەگەر بۆ جیهاد بڕۆیشتبان هاوسەرەکانیشان لەگەڵ خۆیان دەبرد، ئەگەر یەکێك سەفەری کردو ماوەی شەش مانگ زیاتری پێچوو، ژنەکەی دەتوانێ داوای جیابوونەوە بکات، یان بەپێچەوانەوە، بەڵام زەواجی کاتیی حەرامە، تەنیا مسیار ڕێپێدراوە، بەڵام ئەویش کێشەی کۆمەڵایەتی لێ دەکەوێتەوە، چونکە زەواجی مسیار مارەیی نایگرێتەوە، ئەو منداڵەی لێ دەبێ، دەتوانێ لەمیرات بێبەش بکرێ.»

■ مامۆستایەکی ئایینی:

**لەسەردەمی پێغەمبەر(د.خ) ئەگەر بۆ جیهادیش بڕۆیشتبان هاوسەرەکانیشان لەگەڵ خۆیان دەبرد**



# کچانی بێ سەرپەرشتی ئێزیدی لە قەیرانێکی گەورەی دەروونی و کومەڵایەتیدان

**ئەو کارەساتەی کە رۆژی ٣-٨-٢٠١٤ رووی داو رێکخراوی تیرۆریستی داعش بە شێوەیەکی زۆر دڕندانەو دوور لەهەر پێوەرێکی جەنگی و دژ بەهەموو بەهاکانی مرۆڤایەتی هێرشی کردە سەر شنگال و ژمارەیەک لە ئافرەتان و منداڵانی ئێزیدی لەلایەن ئەو گرووپەوە رفێندران و ژمارەیەکی زۆری پیاوان رەشەکوژ کران، کارەساتێکی مرۆیی بوو، کە وایکرد زۆرینەی منداڵانی ئێزیدی وێڕای دارمانی باری دەروونییان، بێ سەرپەرشت مانەوە. بەپێی دوایین ئاماری بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری ئێزیدییەکان لەوەزارەتی ئەوقافی حکومەتی هەرێمی کوردستان، کۆی گشتی منداڵە هەتیوەکان ٢٧٤٥ منداڵن و زۆرینەیان کچن، چالاکانی پاراستنی مافەکانی مرۆڤیش پشتگوێخستن و فەرامۆشکردنی ئەو منداڵانە بە کارەسات دەزانن و رایانوایە پێویستە هەرچی زووە ئاوڕیان لێبدرێتەوە، بەشداربووانی ئەم راپۆرتەی گوڵان لەو بارەیەوە دید و سەرنجی زیاتریان هەیە.**

بەپێی دوایین ئاماری بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری ئێزیدییەکان لەوەزارەتی ئەوقافی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە لە ١٩ی تشرینی یەکەمی ئەمساڵ ئامادەکراوە، ژمارەی ئێزیدییەکانی عێراق ٥٥٠ هەزار کەسن، ژمارەی ئاوارەکان ٣٦٠ هەزار ئاوارەن، ژمارەی شەهیدان ١٢٩٣ شەهید، ١٧٥٩ منداڵ بێ باوك بوون، ٤٠٧ منداڵ بێ دایك بوون، ٣٥٩ منداڵ بێ دایك و باوك ماونەتەوە، ٢٢٠ منداڵیش دایك و باوكیان لە ژێر دەستی داعشدان، کۆی گشتی منداڵە هەتیوەکان ٢٧٤٥ منداڵە کە زۆرینەیان کچن، تاوەکو ئێستا ٣٠ گۆڕی بە کۆمەڵی ئێزیدییەکان لە شنگال دۆزراونەتەوە، ٤٤ مەزار و مەرقەدی ئایینی لەلایەن داعشەوە تەقێندراوەتەوە، ٦٤٠٤ کەس رفێندراون، تاوەکو ئێستا ٢٧٥٤ کەس ئازاد کراون، ژمارەی ئەوانەی تا ئێستا دەستی رزگارکردنیان پێ نەگەیشتووە ٣٦٥٩ کەسن. ئەو ئامارانە رێژەیەکی زۆری قوربانییانی ئێزیدی لەخۆ دەگرێت، کە نەك هەناوی هەر کوردێك، بگرە هەموو کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی دەهەژێنێت.

کەژاڵ تۆفیق هۆرمزیار چالاکوانی بواری مافی مرۆڤ و راهێنەر لە گەشەپێدانی مرۆیی، لە ئاخافتنێکیدا بۆ گوڵان لە بارەی ئەو کارەساتەی لەشنگال بە سەر خوشك و برایانی کوردی ئێزیدی هات، دەڵێت: «وێرانکاری و دەستدرێژی و کوشتنی ئێزیدییەکان لەلایەن رێکخراوی تیرۆرستیی داعشەوە هەڕەشەیەکی روون و ئاشکرا بوو بۆ سەر مافی تاکەکان و لەو پەلامارە رەشەدا ژنان و منداڵان گەورەترین زەرەرمەند بوون، بەهۆی ئەو کاولکاری و وەحشیگەرییەی کە لەلایەن داعشەوە بە سەریان هات، لە کوشتن و بڕین و ئاوارەبوون، هاوکات زۆربەی ئێزیدییەکان لەخێوەتگەکانی ئاوارەکاندا نیشتەجێن و لەبارودۆخێکی دەروونی و مرۆیی خراپدان، لەهەمان کاتدا حکومەت و رێکخراوە مرۆییەکان کۆمەکێکی ئەوتۆیان ناکەن بۆ کەمکردنەوەی ئەو تەوژمە دەروونییەی سەریان.» گوتیشی: «لە راپۆرتی رێکخراوی یونسێف ئاماژە بەوە کراوە کەوا نزیکەی ٣.٦ملیۆن منداڵ لەعێراق بە هۆی شەڕو کوشتارەوە تووشی مەترسیی لەناوچوون و توندوتیژی و دەستدرێژی سێکسی و هەڕەشەو رفاندن و بەدڕەفتارکردن، بوونەتەوە، بۆیە زۆر پێویستە بۆ رزگاربوون لەو دۆخە چارەسەری دەروونییان بۆ بکرێت، چونکە ئەو بارە دەروونییە کاریگەری خراپی لەسەر خوو، رەوشت و هەڵسوکەوتی ئەو منداڵانە دەبێت و وایان لێ دەکات کەوا متمانەیان بە خۆیان نەمێنێت و هەست بە ترس و دڵەڕاوکێ بکەن، کە ئەمەش دەبێتە

هۆی دووركەوتنەوە لە پەیڕەو و پرۆگرامی كۆمەڵگەو خێزان و حكومـەت، كـە دواتر وایان لێ دەكات، كەسـانی توندوتیژو بن، چارەسەری ئەم دۆخەش بەوە دەكرێت و پێویستیشە حكومەت و ڕێكخراوە نێودەوڵەتی و نێوخۆییەكان دەستی یارمەتی درێژبكەن بـە دانانـی پڕۆگرامـی تەندروستـی و پـەروەردە و خوێنـدن و هەوڵـدان بـۆ ئارامكردنـەوەی دۆخـی دەروونـی و جەختكردنەوە لەسـەر بەرنامـەی لەخۆگرتنی منداڵە بـێ دایك و باوكەكان و دابینكردنی شوینی تایبەت و شایستە بۆیان

هـەر سـەبارەت بـە هەمـان پـرس د. ئومێـد قـادر پسپۆڕی نەخۆشییە دەروونییەكان، لە دەستپێكی قسەكانیدا ئاماژەی بەوە كرد كە باری دەروونیی خوشك و برا ئێزیدییەكان، بارودۆخێكی خـراپ و ناجێگیـرە بەهۆی ئەو زنجیـرە هێدمە دەروونییەی كە بۆیان هاتۆتەپێش، كە بریتین لە رفاندن و هەتككردن و دووری لە كەسوكار و هەڕەشەی كوشتن و وێڕای هەستكردن بە ترس، ترس لە دووبارەبوونەوەی كارەساتەكە كە هەمیشە لەگەڵیاندایە، ئـەو قوربانییانـە هەمیشـە پرسیاری ئـەوە لەخۆیـان دەكەن كە بۆچـی رووبـەڕووی ئـەو بارودۆخـە ناخۆشـە بوونەتـەوە؟ دوور نییـە ئـەو یادەوەرییـە تاڵانە بـە درێژایی تەمەنیـش لەگەڵیاندا بمێنێتەوە، چونكە ناتوانن بە شـێوەیەكی ئاسـان گوزارشـت لەو كارەسـاتە بكەن كە بە سـەریاندا هاتووە. گوتیشـی: «پێویسـتە هەرچـی زووە لەپـاڵ چارەسـەری جەسـتەیی، چارەسـەری دەروونیشـیان بۆ بكرێت، چونكە باری دەروونی ئەو قوربانییانە كاریگەری نەرێنی لەسەر خۆیان و كۆمەڵگەش دروست دەكات و وادەكات نەتوانـن لەنـاو كۆمەڵگـەدا رۆڵـی خۆیـان بگێـڕن، دەكرێ چارەسەر بە هەردوو ڕێگەی مەعریفی و دەرمانی بێت و ناكـرێ قوربانییانـی ئـەو كارەسـاتە فەرامـۆش بكـرێ.. ئەو قوربانییانـە خۆیـان ئەو قەدەرەیان هەڵنەبـژاردووە، ئەوە قەزیەی تاكەكەسـێكیش نییـە، بەڵكـو قەزیـەی میللەتێكـە، میللەتێـك نەهامەتـی بەسـەردا هاتـووە لەلایـەن لایەنێكـەوە كـە دژایەتی ئاسایش و ئارامی هەموو دنیا دەكات، كەیسی ئەو قوربانییانەو بەتایبەتی ئەوانەی دەسـتدرێژی كراوەتە سـەریان شـەرمەزاری نییە و مایەی ڕێزگرتن و ستایشكردنن و بۆ دووبارە گەڕانەوەیان بۆ ناو كۆمەڵگەش پێویستییان بە هاوكاری هەمووومان هەیە.»

لەلایەكی دیكەوە فەزیلە شـۆڕش بەرپرسـی ئۆفیسی ئەوروپای یەكێتـی ئافرەتانـی كوردسـتان، هێمـا بـۆ ئـەوە دەكات: «ئـەو زوڵمـەی لـە خوشـك و بـرا ئێزیدیەكانـمان كـرا، هەرگیـز لەبیر ناكرێـت و ئـەو تاوانە یەكەمجار جینۆسـایدكردنی كوردەو دووەم ئێزیدیـە وەك ئاییـن و سـێیەم وەكـو ئافـرەت، كاتێـك نەیارانـی كـورد زانییـان كـە كورد نزیـك بووەتەوە لەسـاڕێژكردنی هەندێك لەبرینەكانـی جینۆسـایدكردنی لەسـاڵانی رابـردوو، ئەویـش لە ڕێگـای سـەربەخۆیی كوردسـتان و بوونـە دەوڵـەت بـە رابەریی سـەرۆكی هێژا سـەرۆك مسـعود بارزانی، دووبارە هەسـتان بە جینۆسایدكردنی كورد و دروستكردنی برینێكی قووڵ و سەختتر بـە رفانـدن و كوشـتنی زیاتـر لـە ٥٠٠٠ كەس لە خوشـك و برا ئیزیدییەكانمان. بەپێی ئامارەكان ئەو جێنوسایدكردنەو ئەو تاوانە دڕندانەیەی داعشـییەكان لە شـنگال ئەنجامیان دا، راسـتەوخۆ نەوەیەكی كەم كردۆتەوە، مێینەكانی نێوان تەمەن ١٠- ٣٠ ساڵ كـەم بوونەتـەوە، نەوەیەكیـش لەمنـداڵان كە ژمارەیـان نزیكە ی ٢٧٤٥ بێ دایك و باوك ماون و یان دایك و باوكیان هێشـتا لە بندەستی داعشن، ئەم منداڵانە بێ ناز و بێ سەرپەرشتن و لە ژیانێكی سەخت دەژین، نازی دایك و باوكیش شوێنی بە كەس پڕ ناكرێتەوە. ئەم منداڵانە یان لەلایەن كەسـوكارە نزیكەكانیان، یـان خەڵكـی دیكەوە بەخێویـان دەكەن، بارودۆخیـان زۆر خراپ و ناخـۆش و نالەبـارە، ئەم ژیانە سـەختەش كاریگەری خەراپی دەروونی بەسـەریانەوە دەبێت، منداڵ پێویستی بە كەسێكی زۆر نزیـك لەخـۆی هەیـە لێی تێبگات و خۆشەویسـتی پێبدات، كە سەبر سەبریش گەورە دەبێت، قورسایی ژیانی بۆ ئاسان بكات و خەمی دوارۆژی بخوات. كە منداڵ لەناو زێی خەم و خەفەت مەلەبـكات، ئەوا لە ژینگەیەكی نالەبارو دۆخ خراپی نائارامدا گەورە دەبێت، كاریگەرییەكەشی بەهەمان شێوە لەسەر دوارۆژو كەسـایەتی خـراپ دەبێـت، بەتایبەتی ئەگـەر كچ بێت. كچ لە پرۆسـەی گەشەو گەورەبوونی پێویستی زۆری بە ژینگەیەكی پر لە خۆشەویستی و ئارامی هەیە، ئەم بارە نالەبارە ناخۆشەی كـچ وادەكات لـە هەندێـك حالـەت بڕیـاری زووشـوكردن بدات، یان كەسـوكارەكەی پێشـوەخت بە شووی بدەن. لەبیرمان نەچێت ئـەم كچانـە زۆربەیـان لەپرۆسـەی خوێنـدن دووركەوتوونەتـەوە، بەتایبەتـی ئەوانـەی رفێنـدراون، ئەمـەش وادەكات نەوەیەكـی نەخوێندەوار و بێ بڕوانامە دروسـت بێت. گوتیشـی: «فشاری دەروونی و داریی و ژیانە سەختەكەی ئەم منداڵانە مەترسیدارە بـۆ دروسـتبوونی نەوەیەكـی توندوتیـژ كـە دڵیان پربێـت لە رق و كینـە و تۆڵەسـەندن، منداڵـەكان ئـەم واقعە بەدەسـتی خۆیان هەڵنابژێرن، بەڵكو بارودۆخەكە بەسەریاندا دەسەپێنێت، بۆیە زۆر گرنگە ئەم منداڵانە چارەسـەری دەروونی وەربگرن لەپسپۆڕی تایبەت بە چارەسەری دەروونی منداڵانی تووشبوو بە تراومای شـەڕو راهێنان و كۆرسـی تایبەت بەو خێزانانەی كە منداڵەكان بەخێـو دەكەن، بۆ ئـەوەی مامەڵەیەكی پڕۆڤیشـناڵی تایبەتیان لەگەڵ بكرێت.»

لـەلای خۆیـەوە خەیری بۆزانی بەڕێوەبەری گشـتی كاروباری ئێزیدییـەكان لـە وەزارەتـی ئەوقافـی حكومەتـی هەرێمـی كوردسـتان، تایبـەت بـۆ گـوڵان گوتـی: «بێدەنگبوونـی كۆمەڵگـەی نێودەوڵەتـی لە ئاسـت تاوانەكانی داعش بەرامبەر بـە ئێزیدییـەكان ئـەو بارودۆخەی ئێسـتای دروسـتكردووە، زۆر بەداخەوە ژنانی ئێمە وەكو سـەبایە و جاریە لە سـەر ماڵپەڕەكان مامەڵەی كڕین و فرۆشتنیان پێدەكرێت، شەرمە بۆ كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ڕێكخراوی نەتەوە یەكگرتووەكان و وڵاتە زلهێزەكان و هەمـوو ئەوانەی لە ئاست چارەنووسی ئێزیدییـەكان چاویان داخستووە و خۆیان لە بەرامبەر پێشێلكارییەكانی مافی مرۆڤ بـە بەرپـرس نازانـن و هەوڵـی راگرتنـی ئـەو كارە نامرۆڤانەی داعش نادەن.

خەیـری بۆزانی ئەوەشـی خسـتەڕوو كە «لەكاتی هێرشـەكەی داعـش بـۆ سـەر شـنگال، ١٧٥٩ منداڵ بێ باوك بـوون، ٤٠٧ منداڵ بێ دایك بوون، ٣٥٩ منداڵ بێ دایك و باوك ماونەتەوە، ٢٢٠ منداڵیش دایك و باوكیان لەژێر دەسـتی داعشـدان، كۆی گشتی منداڵە هەتیوەكان ٢٧٤٥ منداڵن كە زۆرینەیان كچن.» سەبارەت بە چارەنووسی ئەو منداڵانەش ئەو بەڕێوەبەرە گشتییە گوتی: «لە ئێسـتادا پڕۆژەی دروسـتكردنی هەتیوخانەیەكمان بـۆ منداڵانـی بـێ سەرپەرشت لەبەردەسـتەو هیواخوازیـن لـە ئاییندەیەكی نزیكدا بتوانین جێبەجێی بكەین.

**شەرمە بۆ كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ڕێكخراوی نەتەوە یەكگرتووەكان و وڵاتە زلهێزەكان و هەموو ئەوانەی لە ئاست چارەنووسی ئێزیدییەكان چاویان داخستووە و خۆیان لە بەرامبەر پێشێلكارییەكانی مافی مرۆڤ بە بەرپرس نازانن**

**٣٦٠ هەزار ئاوارەو ١٢٩٣ شەهیدو ١٧٥٩ منداڵی بێ باوك و ٤٠٧ منداڵی بێ دایكمان هەیەو ٣٥٩ منداڵ بێ دایك و باوك ماونەتەوە، ٢٢٠ منداڵیش دایك و باوكیان لە ژێر دەستی داعشدان، كۆی گشتی منداڵە هەتیوەكان ٢٧٤٥ منداڵن كە زۆرینەیان كچن**

**ئەو تاوانە دڕندانەیەی داعشییەكان لە شنگال ئەنجامیان دا، راستەوخۆ نەوەیەكی كەم كردۆتەوە، مێینەكانی نێوان تەمەن ١٠- ٣٠ ساڵ كەم بوونەتەوە، نەوەیەكیش لەمنداڵان كە ژمارەیان نزیكە ی ٢٧٤٥ بێ دایك و باوك ماون و یان دایك و باوكیان هێشتا لە بندەستی داعشن**

# ئافرەتێکی ڕزگاربوو لە نوگرە سەلمان:
# من لە دوو دۆزەخدا ژیاوم



**تاوانەکانی رژێمی ڕووخاوی بەعسی عێراق بەرامبەر بە کوردان، هەموو سنوورەکانی بەزاند، لەسەرکوتی تاک و ڕووخاندنی گوندەکان و ڕاگواستنەوەی زۆرەملێ هەتا کۆمەڵکوژی و جینۆسایدو کیمیاباران، لەهیچ تاوانێک درێخییان نەکرد، گەرچی ئەو برینانە هەرگیز سارێژ نابن، بەڵام کۆمەڵگەی کوردی برینی قووڵتریشی هەڵگرتووە، ئەوەتا سەدان ئافرەتی ڕزگاربووی پرۆسەی بەدناوی ئەنفال، تا ئێستا بە ئازارەکانی خۆیانەوە دەتلێنەوەو چیرۆکی دەستدرێژییەکانی بەعسی ڕووخاو بەرامبەر بە ئافرەتانی گەنجی ناو گرتووخانەکان دەگێڕنەوە. یەکێک لەو ئافرەتانەش ڕاشکاوانە هەموو نهێنییەکانی خۆی بۆ گوڵان دەدرکێنێ.**

### پاکیزەکانی ئەنفال قوربانییانی دیرۆکی پڕ ئازاری کوردن

سەلوا و خانەوادەکەی وەك خێزانێکی گەرمیانی لە ١٩٨٨/٤/١٤ ئەنفال کران، ئەو تاوەکو ٩/٢٠ی هەمان ساڵ لە گرتووخانەی (نوگرەسەلمان) زیندانی بووە، دواتر بەر لێبووردنی گشتی کەوتووە، وەك خۆی باسی کرد، ئەوکات تەمەنی ١٦ ساڵان بووەو «کچان لەو تەمەنەدا هەمیشە ڕووبەڕووی پەلامار و دەستدرێژیی دڕندەکانی نوگرە سەلمان دەبوونەوە».

### دەستپێکی ژیانێکی تراژیدی

سەلوا یەکێکە لەو ئافرەتەی چیرۆکی دەستدرێژییەکانی پیاوەکانی بەعسی ڕووخاو بەرامبەر بە ئافرەتانی گەنجی ناو گرتووخانەکان، تائێستاش کاریگەری لەسەر باری دەروونی داناوە، ئەو گەرچی ساڵانێکە لەو ئازارە جەرگبڕە ڕزگاری بووە بەڵام تائێستاش لە ناو هەنیسکی گریاندا باسی ڕۆژانی نەهامەتی خۆی و نەتەوەکەی دەکات. سەلوا دوای ئەوەی باسی خێزانەکەی خۆی و چۆنیەتی ژیانی کرد، گەیشتە باسی سەردەمی نەوجەوانی خۆی کە هاوکات بووە لەگەڵ ئەنفالی خانەوادەکەی، ئەو بە چاوێکی پڕ فرمێسکەوە بەمجۆرە باسی رابردووی خۆی کرد: «کاتێك ئەمری دەستگیرکردن هاتە ناوچەکەمان من لەژوورەوە خەریکی دەرس خوێندن بووم و خۆم بۆ تاقیکردنەوەکانی سەری ساڵ ئامادە دەکرد، کە پۆلی سێی ناوەندی بووم، شوێنی ڕاکردن و خۆحەشاردان نەبوو، کەسیش نەیدەزانی ئەمنەکانی بەعس نیازیان چییە، کاتێکم زانی هاتنە ژوورەوەو ئیتر من و دایك و باوکم بەر ئەو شاڵاوە کەوتین، خۆشبەختانە خوشك و براکانم لەماڵەوە نەبوون، ئێمەیان بردە دەرەوەی ماڵ، دواتر تەواوی ژن و پیاویان لە دوو ڕیزی جیادا ڕێکخست و یەك بە یەك بەجیا سواری پاسەکانیان کردین».

### پاسەکانی وەزارەتی نەوت بۆ گواستنەوەی ئەنفالکراون

سەلوا وردەکارییەکانی چۆنیەتی گواستنەوەیان بەمجۆرە باسدەکات: «ئەمنێکی کڵاو سوور دەمانچەیەکی بەدەستەوە بوو، سەرپەرشتی پاسەکەی ئێمەی دەکرد، بەردەوام جنێوی سووکی پێ دەداین، لەپێشەوەی پاسەکان نووسرابوو (وەزارەتی نەوت)، بۆ ئەوەی هەرکەسێ ئێمە لەو پاسەدا ببینێ، وابزانێ سەربە وەزارەتی نەوتین. پاسەکان کەوتنەڕێ، بەرەو ڕێگەی کەرکووك لە تۆبزاوە لایانداو ناویان نووسین، کچ و کوڕەکانیان لەدایك و باوکان جیاکردەوە، بەشێکیان هێشتنەوە، بەشەکەی تریش سواری ئۆتۆمبیلەکان کراین کە نزیکەی ٢٠ ئۆتۆمبیل دەبوو، بەدرێژای ئەو شەوە بە بەردەوامی بەڕێگەوە بووین، سەعات (٩)ی بەیانی گەیشتینە شوێنێك کە پارچە ئاسنێك لە قەراغ شەقامەکە چەقێنرابوو لە سەری نووسرابوو (حدود بلدیة السعودیة ناحیة سلمان)، ئۆتۆمبیلەکان هەر دەڕۆیشتن

لە دوورەوە قەڵایەکی گەورەمان بینی، لە هەر چوار لاوە پاسەوان و چاودێری هەبوو، لە دەرگای گەراجێکی تەلبەندکراو ئێمەیان بردە ژوورەوەی بەندیخانەکە، کە دواتر زانیمان ئەو شوێنە ناوی (نوگرەسەلمان)ـە»، ئەو عەرەبە دڕندانەی ناو نوگرەسەلمان لە هیچ تاوانێك سڵیان نەدەکردەوە، ئەو شوێنەیان کردبوو بە دۆزەخێك بۆ کوشتنی پیر و گەنجی کوردو ئەتکردنی کچان».

## گوزەران لە گرتووخانەی کوردکوژاندا

سەلوا فرمێسکەکانی سەر گۆنای دەسڕێتەوە، ئاهێکی قووڵ هەڵدەکێشێ و دیسان لەناو پڕمەی گریاندا باسی دابڕانی خێزانە کوردەکان و برسیەتی و کوشتنیان دەکات، ئەو دڵی پڕە لە نەفرەت و هیوا دەخوازێ بەدەستی خۆی تۆڵەی خۆی و کەسوکاری و کوردانی بێتاوانی بە ناحەق کوژراوی ئەو گرتووخانەیە بکاتەوە، دەستەکانی دەلەرزان و تووڕەیی و قارێکی قووڵ بە روخساریەوە دیار بوو. دوای هەندێك ئۆقرەگرتن و ئارامبوونەوە بەمجۆرە درێژەی بە گێڕانەی بەسەرهاتی خۆی دا:

«لە نوگرەسەلمان هەموو رۆژێك ڕیزیان دەکردین، جەللادێکیان بە کێبڵ لە خەڵکەکەی دەدا بەپیاو و ئافرەتەوە، ئەم زیندانە دوو نهۆم بوو، بریتی بوو لە ٣٢ هۆڵ، بە شێوەی چوارگۆشەی بەرامبەر بە یەك بوون، گۆڕەپانێکی گەورە لە ناوەڕاستیدا بوو، دەیان کۆڵەکەی ئاسن دانرابوون بۆ هەڵواسین و ئەشکەنجەدانی زیندانییەکان، هەموو ڕۆژێك بەیانی یەك سەمون و ئێوارە یەك سەمون بۆ یەك زیندانی لەگەڵ نەختێك ئاو، زۆرجار ئەو ئاوە ئەوەندە پیس و تاڵ بوو. کە بۆ خواردنەوە شیاو نەبوو، بەڵام زیندانییەکان لە ناچاری دەیانخواردەوە. پیاو و ژنی پیر شەو تا بەیانی بۆ کچ و کوڕەکانیان دەگریان کە لە تۆپزاوە جیاکرابوونەوەو کەس هیچی لەبارەوە نەدەزانین، شەوان چەند کەسێك دووپشك پێوەی دەدا و دەیکوشت، لەو کاتانەدا نەخۆشی کولێرا لەناو منداڵان و پیرەکان بڵاوبووە، منداڵەکان هەندێکیان کۆرپە بوون، هەندێکی تریان لەوێ لەدایکببوون، لەبەر ئەوەی دایکی ئەو منداڵانە هیچ خواردنێکی وایان نەبوو بیخۆن، مەمکیان وشك ببوو، ئەو کۆرپەو منداڵانەش بەدەم برسێتی و ئازاری نەخۆشییەوە گیانیان دەسپاردو لەدەرەوەی زیندان تەرمەکانیان لە چاڵێکی لمی نیو مەتری دەشاردەوە، شەو سەگەکان تەرمەکانیان دەردهێناو دەیانخواردن، ڕۆژی وابوو زیاتر لە (١٥) کەس لە خەڵکی هەڵەبجەو گەرمیان لەوێ دەمردن».

## تاوان لە نوگرەسەلمان سنووری نییە

سەلوا کاتێك دەیەوێ باسی تاوانەکانی دەستدرێژی سێکسی لە گرتووخانەکەدا بکات، نایشارێتەوە کە خۆیشی یەکێك لەو قوربانییانە بووە، ئەو بە رق و کینەی تێکەڵ بە فرمێسکەوە بەمجۆرە ئەو نهێنییەی بۆ گوڵان دەخاتە ڕوو:

«لەو دۆزەخەدا هەموو تاوانێك دەکرا، ناوبەناو جەللادێك دەهات یەکێك لەپیاوەکانی دەبردە دەرەوە تێروپڕیان لێ دەداو دەیانهێنایەوە شوێنەکەی خۆی نیوە گیانیان دەکرد، زۆر جار هەر بە هۆی ئەو لێدانەوە دەمردن، نیوە شەویش کچانی عازەب و ئافرەتە گەنجەکانیان دەبرد، تا بەرەبەیان نەیاندەهێناوە، بەرپرسی زیندانەکە ناوی حەجاج بوو، پیاوێکی باڵابەرزی چاوڕەش و ترسناك بوو، سۆپەرێکی سووری هەبوو، ئەو جەللادە چێژی لە کوشتن و ئەشکەنجەدان و ئیهانەکردنی زیندانییەکان دەبینی، بە بەردەوامی خەریکی بەدڕەوشتی بوو، زۆربەی کچان و ئافرەتانی زیندانی نوگرەسەلمان بەدەستی حەجاج و شەمخی ئەتك کران، شەمخی پیاوێکی ئەسمەری باڵامناوەند بوو، ئەو لەبەر دەستی حەجاج بوو، وەك خزمەتکاری وابوو، لەکارە بەدڕەوشتییەکان یارمەتیدەری حەجاج بوو، شەوێك منی بردە ژوورێکەوەو دواتر حەجاج بە سەرخۆشی هاتە ژوورەکە و پەلاماری دام، کاتێك خۆم بەدەستەوە نەدا، بە بۆکس و شەق هەموو لەشمی شکاند، هاوارام بۆ خوا برد، بەڵام ئەو بەدڕەوشتە خوانەناسە بەزەیی نەبوو، وەك وەحشی تێم بەربوو، ئەوەندەشی لێدام تا بوورامەوە، بۆ سبەینەکەی منیان بردەوە بۆ ژوورەکەی خۆمان، کەس بڕوای نەدەکرد زیندوو بمێنم، ئەوکات تەمەنم ١٦ ساڵان بوو، کچان لەو تەمەنەدا هەمیشە ڕووبەڕووی پەلامار و دەستدرێژیی دڕندەکانی نوگرەسەلمان دەبوونەوە».

## ژیانی دوای رزگاربوون لە نوگرە سەلمان

سەلوا دەستەکانی بۆ ئاسمان بەرز دەکاتەوە و دەڵێت: «خوای گەورە ئەو زاڵمانە بێناموس بکات وا یارییان بە ناموسی خەڵك کرد»، فرمێسك مەجالی نادات زیاتر قسە بکات، ناچارمان کرد قومە ئاوێك بخواتەوە، بەڵام دووبارە بە قسەی پچڕپچڕی تێکەڵ بە گریان درێژەی بە قسەکانی دا و گوتی:

«بە ڕزگاربوونم لەو دۆزەخە دڵخۆش نیم، خۆزگە دەخوازم لەوێ بمردمایەو ڕزگارم نەبووایە، بەهۆی لەدەستدانی کچێنیم تووشی دڵتەنگی و خەمۆکی و دەیان نەخۆشی دەروونی بووم، بۆیە نەمتوانی درێژە بەخوێندنەکەشم بدەم، دوای ساڵانێکی کەم باوکیشم لەدەستدا و تەواوی خوشك و براکانیشم چوونە سەر ماڵ و ژیانی تایبەتی خۆیان، من و دایکم ماینەوە بە ژیانێکی مەمرە و مەژی ئەو ڕۆژانەمان تێپەڕاند، هەرچەندە لەکاتی خۆیدا ئافرەتێکی جوان و بەرچاو بووم، بەڵام هیچ پیاوێك ئامادە نەبوو خوازبێنیم بکات، هەمیشە پەنجەیان بۆ رادەکێشام و دەیانگوت ئەوە کچ نییە و ژنە، بۆ یەکەمجار کە خوازبێنیم هات، پیاوێکی تەمەن ٤٠ ساڵی کەمئەقڵ بوو، سەرەتا گاڵتەم بەو کارە هات، بەڵام دایکم کردی بە دادو فیغان و گریان، گوتی: من دەمرم و تۆش لەبرسا دەمری، چونکە خوشك و برا بەخێوت ناکەن، هەر هیچ نەبێت ئەو پیاوە خانووی خۆی هەیە، ئەوە بوو بەنادڵی ئەو زەواجەم کردو بێ ویستی خۆم کەوتمە دۆزەخێکی نەبڕاوە، دیسان دایك و خزم و کەس زۆریان لێکردم و گوتیان با دوو منداڵت هەبێت و ماندوو بوونت بەخەسار نەچێت، ماوەی ١٢_ ١٣ ساڵە لەگەڵ ئەو پیاوە دەژیم، تەنیا دوو کچی جوانم هەیە، بەڵام ئەو پیاوە عەقڵی بەتەواوی شێواوە، ناتوانێ کار بکات، شەو تابەیانی جنێو و قسەی ناشیرین بە من و بەو کچانە دەدات، دەرمانەکانی ناخوات، نانیش ناخوات، رۆژ تا ئێوارە تەنیا چا و جگەرە دەخوات، هەرچەندە مانگانە ١٥٠ هەزاری مووچە هەیە، بەڵام ئەویش بە هۆی ئەو قەیرانەوە بڕاوە، ئیتر خەرج و مەسرەف گرانە و بەخێر و سەدەقەی دراوسێکان نەبێت، بەڕێوەناچین، لەڕاستیدا من لە دوو دۆزەخدا ژیاوم، ئێستاش تەنیا ئەو دوو کچە جوانەم تاکە هیوا و سەبووری ژیانی بەهەدەر چووی منن».

**بە پاسەکانی وەزارەتی نەوت ئێمەیان گواستەوە بۆ ئەوەی هەرکەسێ بمانبینێ وابزانێ سەربە وەزارەتی نەوتین**

**ئەو عەرەبە دڕندانەی ناو نوگرەسەلمان لە هیچ تاوانێك سڵیان نەدەکردەوە**

**گرتووخانەکەیان کردبوو بە دۆزەخێک بۆ کوشتنی پیر و گەنجی کوردو ئەتکردنی کچان**

**هاوارام بۆ خوا برد، بەڵام ئەو بەدڕەوشتە خوانەناسە بەزەیی نەبوو، وەک وەحشی تێم بەربوو، ئەوەندەشی لێدام تا بوورامەوە**